أولاً: يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الأعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات

الحاضرين وعند تساوي الأصوات يرجح الجانب الذي فيه النقيب.
ثانياً: إذا أصبح مركز النقيب شاغراً لأي سبب كان يحل محله نائب للمدة المتبقية وإذا كان مركز نائب النقيب شاغراً فيحل السكرتير محل النقيب.
ثالثاً: إذا أصبح منصب النقيب ونائبه شاغراً يحل محله عضو من الأعضاء الأصليين عن طريق الإقتراع السري وعلى المجلس أن يدعو الهيئة العامة لإجتماع غير إعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لغرض إنتخاب النقيب ونائبه للمدة المتبقية على أن لا تقل عن ستة أشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ماددەی «١٨» هەیە؟. نییە، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە ؟کەواتە بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة عشر:
يعتبر عضو المجلس مستقيلاً إذا تغيب عن الحضور (٣) جلسات متتالية أو (٥) جلسات متفرقة خلال (سنة) بدون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟، بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة العشرون:
أ- يمارس المجلس الاختصاصات التالية:
أولاً - العمل على تحقيق أهداف النقابة.
ثانياً - تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون تعديل النقابة.
ثالثاً - تنفيذ قرارات الهيئة العامة.
رابعاً - تعيين العاملين في النقابة وتحديد أجورهم و ترقيتهم.
خامساً - النظر في طلبات الإنتماء.
سادساً - إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيلها من قبل النقيب.
سابعاً - إحالة القضايا و الشكاوى التي ترد اليه الى اللجنة الإنضباطية.
ثامناً - تشكيل لجان فرعية لتحقيق أهداف هذا القانون.
تاسعاً - إعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات.
عاشراً - إقرار تملك الأموال والعقارات و قبول الهبات والمنح وشروط الإقراض، وتقديم المساعدات المالية ضمن أهداف النقابة.

حادي عشر ـ الأعداد للأنتخابات.
ثاني عشر ـ البت في إستقالة النقيب أو نائبه أو أي من أعضاء المجلس أو لجان النقابة على أن تعرض على الهيئة العامة في أول إجتماع لها.
ثالث عشر ـ منح إجازة مزاولة المهنة.
رابع عشر ـ
أ ـ تأسيس وإدارة نوادي النقابة وفقاً لقانون الجمعيات.
ب ـ للمجلس تخويل بعض من صلاحياته للنقيب او رؤساء الفروع.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟،کاک بورهان و، کاک جمیل و، کاک سیروان و، کاک وریا، کاک وریا فەرموو.

**بەڕێز وریا ئەحمەد مەحمەد ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم ماددەیە لەسەرەتاوە بە خاڵی «أ» دەست پێدەکات، بەڵام خاڵی «ب» تیادانییە، ئەو «أ»ە زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کواتە ئەو «أ»ە هەڵدەگرین، راتان چییە هەر ئەو «أولا و ثانیە...»ەش هەڵگرین و بیکەین بە «١ و٢و٣...»، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

نەخێر ئەو «أ»ە زیاد نییە، چونکە خاڵی «ب» دەڵێت:«تخویل بعض صلاحیاته للنقیب أو رؤساء الفروع»،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

أـ یمارس المجلس الإختصاصات التالیة، ئەو «أ» تەواوە، بەڵام «أ» دووەم لە خاڵی «١٤» ئەوەیان زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

«أولاً و ثانیاً...» هەمووی بکرێت بە «١و٢و٣و٤...» باشترە، پاشان ئەو خاڵە داڕێژنەوە، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی «٩» دەڵێت:« إعداد الميزانية وتعيين محاسب قانوني لتدقيق الحسابات.» ،بـا «حسابات الختامية»شی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

با ئەو «حسابات الختامية»یە بخرێتە سەر خاڵی «٩» ، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی حەوتەمدا دەڵێت:«إحالة القضايا و الشكاوى التي ترد اليه الى اللجنة الإنضباطية.» من پێشنیار دەکەم کەوا «قضايا» هەڵگیرێت و، تەنها «شکاوى» بمێنێتەوە، چونکە بۆ ئەنجومەن نییە قەزیە رەوانەی لیژنەی ئینزباتی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵکو دەرمانسازێک دەرمانێکی بە هەڵە دایە یەکێک و، ئەو کەسە هاتوو و شکاتی لەو دەرمانخانەیە کرد، ئەوە نابێتە شکات، چونکە شکاتی هێناوە بۆ سەندیکا نەوەکو بۆ دادگا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر ئەو مەبەستی وشەی «قضايا» هەڵگیرێت، باشە لە یاسادا وشەی «قضايا» چی دەگرێتەوە.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«قضايا» پابەندە بە سەرپێچییەکانی دەرمانخانەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من «قضايا» ئەو بابەتانە دەگرێتەوە کەوا رەگەزی سزای تیادایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئێمە دەتوانین دوو حاڵەت وەرگرین، هەندێک کێشە هەیە لقەکان لێکۆڵینەوەی لێ دەکەن و، دیگەیەننە ئەنجوومەنی سەندیکا و لە ڕێگای ئەنجوومەنیشەوە دەگاتە لیژنەی ئینزباتی، هەندێ جاریش لە دادگا شکات لە دەرمانخانەکان دەکرێت و، حوکمی لەسەر دەرچووە و، کێشەکەش دەنێرنە سەندیکا، تاوەکو ئەوان ئیجرائاتی خۆیان وەرگرن و، مۆڵەتی کارکردنی لێ بسێننەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سوپاس، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

بۆ لیژنەی ئینزباتی نییە کێشەکە لای خۆی بکات بە «قضیە»، ئەو ڕەوانەی لیژنەی ئینزباتی دەکات و، ئەویش تەماشای دەکات ئەگەر بینی تاوانە ئەوە ڕەوانەی دادگای پەیوەنداری دەکات، لێرە لیژنەی ئینزباتی تەنها شکاتەکان ڕەوانە دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەی «قضایا» چی لێ بکەین؟، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هەر شکاتێک و کێشەیەک هەبێت ئەوە لیژنەی ئینزباتی دەیداتە بەشی «شهادات»و، پاشان ڕەوانەی دادگای تایبەتمەند دەکرێت، چونکە لە لیژنەی ئینزبات نابێتە «قضیە»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

ئەمە تەنها ڕەوانە کردنە، بەڵام خۆ دەبێت لایەنێک هەبێت سەندیکا شکاتەکانی بۆ ڕەوانەکات و بڵێت ئەمە دەسەڵاتی منە کەوا لە کاری رادەگرم، یا تەمبێی دەکەم، بەڵام «قضایا» دەبێت بدرێت بە دادگاکان، جا لەوانەیە بیگێڕێتەوە بۆ ئەنجوومەنی سەندیکا، ئەنجوومەنی سەندیکاش لەوانەیە بە نووسراوێک بیدات بە دادوەر، کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

«قضایا» تەنها پەیوەندی بە دادگاوە هەیە، بەڵام لیژنەی ئینزباتی تەنها پەیوەندی بە «شکاوی»وە هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

پێشنیارێک هەیە دەڵێت وشەی «قضایا» هەڵبگیرێت، دیخەینە دەنگدانەوە، کێ

لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، لە برگەی «٩» دستەواژەی «حسابات الختامیة»ی بۆ زیار بکرێ، ئەوەش دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاستان دەکەین..کێ لەگەڵ نییە؟ بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الحادية والعشرون:

يمارس النقيب الصلاحيات التالية:

اولاً: رئاسة اجتماعات الهيئة العامة والمجلس.

ثانياً: تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمؤتمرات والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة، وله تخويل بعض هذه الصلاحيات الى من يرتأيه من اعضاء المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من « في المعاملات كافة لدى» ئەو دەستەواژەیە هەڵگیرێت و، تەنها بڵێت: «تمثيل النقابة في المعاملات كافة لدى المراجع القضائية والادارية ............»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو پێشنیارەی مامۆستا مەلا تاهیر دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، وەکو ماددە کێ تێبینی لەسەری هەیە؟ کاک عەدنان فەرموو.

**بەڕێز عەدنان مەحمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

« في المعاملات كافة لدى» باشە لێرە خۆ دەبێت روون بکرێتەوە کە چ جۆرە موعامەلاتێکە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە مامۆستا پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا « تمثيل النقابة في المراجع القضائية»، کەواتە دیاری کردووە، ئێستا ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثانية والعشرون:

اولاً: تؤلف لجنة الانضباط من رئيس وعضوين تنتخبهم الهيئة العامة في اجتماعها الاعتيادي.

ثانياً: تختص اللجنة بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون وتقوم بالتحقيق في القضايا والشكاوي التي يحيلها عليها المجلس، ولها صلاحية توجيه العقوبات التالية:

أ- التنبيه.

ب - الانذار.

ج - غلق الصيدلية او المذخر لمدة لاتقل عن ثلاثة ايام ولاتزيد عن اسبوع وفي حالة تكرارها تغلق الصيدلية او المذخر لمدة(١٥)خمسة عشر يوماً وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد.

د - تتبع لجنة الانضباط القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«التنبيه» بکرێت بە «الفات النظر» وەکو ئەوانی تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە لەلایەن لیژنەی یاساوە، کەس تێبینی هەیە لەسەری، مامۆستا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد تاهیر مەحمەد زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام، بەڵام کە دەڵێت:«تؤلف اللجنة من رئيس وعضوين» ئیتر ئەو «تنتخبهم الهيئة العامة.....»ی ناوێت، چونکە ئەوە لە ماددەی «١٣»دا بە درێژی باسی لێوە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا هەر هەمان شتە، کەواتە تەنها «تؤلف اللجنة من رئيس وعضوين» دەمێنیتەوە و، ئەوانی تری لێ لادەدەین، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم مەحمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«عضويه الاحتياط»، لەوانی تردا لە هەموویدا هەیە، بەڵام لێرەدا نییە، جا پێشنیار دەکەم کەوا لێرەش دانرێت، چونکە لیژنەی ئینزبات «١٠»ئەندامی یەدەگی هەبوو، لەوەی سەرلەبەیانیدا

هاتووه کەوا «٢» ئەندامی یەدەگی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لێرەدا دەڵێت: «تتألف لجنة من «٣» أعضاء و «٢» إحتياط»، کەس تێبینی لەسەر هەیە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «١» دەڵێت: «تألف اللجنةالانضباط من رئيس وعضوين» من پێشنیار دەکەم کەوا «و نائبه»یشی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

نەخێر پێشنیارێک هەیە دەڵێت: «تألف اللجنةالانضباط من «٣» أعضاء و «٢» أحتياط» ئەو کاتە لە نێوان خۆیاندا سەرۆکێک و جێگرێک بۆ خۆیان دادەنێن، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

خۆی سەرۆکی لیژنەکە سەرۆکی ئەنجوومەن دایدەنێت، بەڵام پشتگیری لە پێشنیارەکەی کاک د.رزگار دەکەین کەوا «٢»ئەندامی یەدەگی بۆ زیاد بکرێت، کەواتە بکرێتە تألف لجنةالانضباط من رئيس اللجنة و عضوين و عضوين إحتياط، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام ئەم دەستەواژەیە لاوازە، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

من جەخت لەسەر قسەکانی خۆم دەکەم کەوا بکرێت بە «من رئيس و نائبه»، ئەگەر هاتوو شکاتەکە لە سەرۆکەکە کرا، ئەو کاتە لیژنەی ئینزباتییەکە کێ سەرۆکایەتی دەکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

سەرۆکی سەندیکا هیچ پەیوەندی بە لیژنەی ئینزباتەوە نییە، کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحمەد حەسەن باڵەتە:**

کاک سەعید واتێگەیشتووە کەوا سەرۆک مەبەستی لە نەقیبە، لێرە مەبەستمان لە سەرۆک سەرۆکی لیژنەی ئینزیباتە، لە هیچ لیژنەیەکی ئینزباتیش جێگری سەرۆک نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

باشە ئەگەر بکرێتە «تتألف لجنةالانضباط من رئيس و عضوين و عضواحتياط»، باشتر نییە؟، کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، کاک

سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حوسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا کە دەڵێت: «تختص لجنة الانظباط بالنظر في جميع المخالفات المنصوص عليها في هذا القانون»، بەڵام لێرەدا ئەو سەرپێچیانەی بە دەق دیاری نەکردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام لە ماددەی «٢٣»دا هاتووە کەوا دەبێتە ماددەی «٢٤» و ئەو سەرپێچیانە دیاری کراون، پاشان دێینە سەری، کاک ئەحمەد فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەو ماددەیەدا هاتووە کەوا ئەو سزایانەی کە ئاراستەی سەرپێچیکەر دەکرێت لە برگەی «أ و ب»دا ئاساییە، بەڵام لە برگەی «جـ»دا کە دەڵێت: «لێگرتنەوەی بەشە دەرمان»

ئەمە مەرج نییە لە تای لایەنێکەوە، یاخود پەیوەست بوون بە کەرتێکی گشتییەوە، یا تایبەتەوە، یا تەنها جێیەکەوە، یا چاوگێکەوە وەربگرێ ئازادی، بۆی هەیە لەدەرەوە یا لە هەر شوێنێک بێت دەرمان بێنێت، ناتوانرێت ئەوە وەکو حاڵەتێکی کارگێری لێی بگرێتەوە، ئەمە نییە تەنها لایەنێک هەبێت بەشە دەرمان بدات بە دەرمانسازەکان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە هی حکومەتی ناوەندییە، هەموو شتێکیان لە کۆگای دەرمانەوە بۆ دەڕۆیشت، ئێستاش ئێمە بازاڕی ئازادمان هەیە، با ڕەچاوی ئەو شتانە بکرێت، جا ئەم دەقە هەر وا گواستراوەتەوە، کاک شێروان فەرموو.

**شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەوانەیە ئەمڕۆ وەزعەکە وا بێت، بەڵام سبەی هەر وا نامێنێت و، هەر دەرمانخانەیەک حکومەتی هەرێم بەشێکی تایبەتی دەداتێ، جا ئەوە مەرج نییە کەوا لە حکومەتی مەرکەزییەوە وەرگیرابێت، بەڵکو حیسابی پاشەڕۆژی بۆ کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەموو جیهان بەرەو بازاڕی ئازاد دەڕوات، ئێمەش وەکو حکومەت پشتگیری لە بازاڕی ئازاد دەکەین، ئەم بابەتەش چەند جارێک لە پەرلەمان باس کراوە و، ئەوە یەکێکە لە بنەماکانی مافی مرۆڤ، ئەوەش یەکێکە لە بەرنامەکان کەوا لەبەردەماندایە و، حکومەتی هەرێمیش بازاڕی ئازادی هەڵبژاردووە و پشتگیریشی لێ دەکەین و، ئەوەش پەیوەندی بە پاشەڕۆژەوە نییە، جا ئەوە هەر حکومەتێکی تر هات ئەوە سیاسەتی خۆی دەزانێ کەوا چۆن دایدەنێت، ئێمە بەرنامەی

حکومەتمان پەسەند کردووە ئەوانیش بازاڕیان ئازاد کردووە، جا ئەوە هەموو کەرتەکان دەگرێتەوە، کاک ئەحمەد پێشنیارت چییە؟، فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەم ئەوەیە کەوا پاش «١٥یوماً»خاڵ دانرێت و کۆتای بە رستەکە بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە «وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد» هەڵدەگیرێت، چونکە کە دەرمانخانەکەت داخست ئیتر کاری بازاڕ ناکات و دەرمانی بۆ بدرێتێ، ئێستا ئەم پێشنیاری هەڵگرتنی ئەو «وتحجب حصته من الادوية لمدة شهر واحد» هەڵگیرێت، چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم پێشنیارە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پەیوەندیمان بە دەرمانخانەکانەوە کردوە و، راستەتاوەکو ئێستا بازاڕ ئازادە و، هەر دەمانخانەیەک دەتوانێت بە هەوەسی خۆی دەرمان بێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا وەزارەتی تەندروستیش مانگانە بەشە دەرمانیان هەر دەداتێ؟، ئەو دەرمانانەیان دەداتێ کەوا لە «un»وە وەری دەگرن، جا لەبەر ئەوە مانەوەی ئەو برگەیە پێویستە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، د.ناسح فەرموو.

**بەڕێز د.ناسح غەفوور رەمەزان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر رایەکەی کاک ئیبراهیم تەواو بێت دەبێت وشەیەکی تری بۆ زیاد کەین، کە ئەویش «من الجهات الرسمية»یە، چونکە لێرەدا ئەگەر ئەو دەستەواژەیە دانەنێین برگەکە نادیار دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کە بڕیاریان دا بۆ ماوەی «١٥»رۆژ دەرمانخانەکە داخەن خۆ ئەو دەرمانسازە ناچێت دەرمان بکڕێت، هەر ئەو «١٥»رۆژە بەسە، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو سزایە سزایەکی سەندیکایە، سەندیکا ئەو سزایە بەسەر ئەو سەرپێچیکەرەدا دەسەپێنێت، کە سەندیکا دەرمانخانەکەی «١٥»رۆژ داخست، ئەو دەمانسازە دەتوانێت بەشە دەرمانی خۆی لە وەزارت وەرگرێت، ئەگەر سەندیکا ئاماژە بە وەزارەتی تەندروستی نەدات، ئەگەر ئەم برگەیە

لابچێت مانای وایە دەسەلات بە دەستی سەندیکاوە نامێنێت، ئەو کاتە سەندیکا دەرمانخانە دادەخات، بەلام ئەو دەمانسازە دەچێت بەشە دەرمانی خۆی لە وەزارەت وەردەگرێت و، هەرچەندەش دەرمانخانەکەیشی داخراوە ئەو دەچێت لە بازاری رەش دەیفرۆشێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کە سەندیکا بۆ ماوەی «١٥»ڕۆژ دەرمانخانەکەی داخست، لە هەمان کاتدا وەزارەتی تەندرستی لێ ئاگادار دەکاتەوە، وەزارەتیش دەست بەسەر ئەو بەشەدا دەگرێت، ئەو بەشەکەی پێ نادات بچێت لە مالی خۆی هەلیگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە کەوا«تحجب حصته لمدة شهر واحد» هەلگیرێت، و تەنها دەستەواژەی «غلق الصيدلية أو المذخر لمدة(١٥)يوما» وەکو سزایەک دابنرێ، کی لەگەلّ ئەم پێشنیارەیە؟..سوپاس..کێ لەگەلّ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند نەکرا، کەواتە دەرمانی پێ نادرێت، ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّە؟..سوپاس..کێ لەگەلّ نییە؟کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة الثالثة والعشرون:

قرارات اللجنة الانضباطية قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرارها باتاً.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر ماددەی «٢٣»، کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەلّە؟..سوپاس..کێ لەگەلّ نییە؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا، فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الرابعة والعشرون:

على العضو تجنب الامور التالية:

اولاً: اهمال او عرقلة تطبيق القوانين والانظمة المتعلقة بالنقابة والتعليمات والقرارات التي تصدرها.

ثانياً: مزاولة المهنة دون تجديد الاشتراك السنوي او الاجازة.

ثالثاً: عدم مراعاة السلوك المهني والاساءة الى سمعة المهنة وكرامتها حسب القواعد المنصوص عليها في النظام الداخلي.

رابعاً: انتحال لقب مهني او صفة مهنية غير صحيحة او غير مصادق عليها وفق القوانين والانظمة المرعية.

خامساً: تجاوز حدود مزاولة المهنة حسبما نص في النظام الداخلي او التعليمات التي تصدرها النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟، د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم کەوا وشەی«كرامة»ی لێ هەڵگیرێت، چونکە «سمعة المهنة» دیارە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە و«١٠» کەسەی کەوا پرۆژەی ئەو سەندیکایانەیان پێشکەش کردووە ، پرسیارێکم لێیان هەیە، ئایا هیچ کاتێک ئەوەیان ڕەچاو نەکردووە کەوا هەندێک لە دەرمانخانەکان خەڵکی تیادا کار دەکات کەوا نەخوێندەوارە، یا مامۆستایەکی خانەنشین کراوە، یا هەندێکیان هیچ مەرجێکی تەندروستیشی تیادا بەدی ناکرێت، جا دەبینین دەرمانسازەکان تەنها لایەنی ماددیان ڕەچاو کردووە، تەنها قازانجی خۆیان بکەن و بەس، تەماشا دەکەین چەند مەرجێکیان داناوە بۆ ئەوەی کەوا پانی دەرمانخانەکە چەند بێت و «٥٠»مەتر لە دەرمانخانەیەکی ترەوە دوور بێت، باشە نابێت تەماشایەکی ئەو کەسانە بکەن کەوا لەگەڵیاندا کار دەکەن؟، هیچ باسی ئەوەیان نەکردووە کەوا ئەو کەسانەی کە لە دەرمانخانەکاندا کار دەکەن دەبێت دەرچوو«خريج» بن، من پێم خۆشە ئەوانەی کەوا لە دەرمانخانەکاندا کار دەکەن هەموو مەرجێکیان تیادا بێتەدی، دەبوایە خاوەنی ئەو پرۆژەیە باسی ئەو کەسانەشی بکردایە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە زیاتر پەیوەندی بە وەزارەتی تەندروستییەوە هەیە، کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵام ئەو دەرمانخانەیەی کە مۆڵەتی هەیە ئەوەیە، فەرموو کاک شەفیق.ئەوەیە کە بڕوانامەکەی هەیە و بەیەکێکی تری نادات ئەوانەش کە ئیش دەکەن لە دەرمانخانەکان یان یاریدەری پزیشکین یان یاریدەدەری دەرمانسازن ئەوەش هەندێکی هەیە پسپۆڕیان تێدا هەیە هیچی تریان نییە، ئەمانیش لە وەزارات لیژنەیەکی ئینزباتیان هەیە کە دەرمانسازەکان بەسەر دەکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر چ تێبینی تر نییە، مادده (٢٤) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی د.رزگار (کرامتها) دەمێنێ یان نا؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە وشەیەکی (انشائیە) حەز دەکەن بمێنێ حەزدەکەن لایبدەن.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون الفرع من قبل لجنة تتألف من (ثلاثة) أعضاء وعضو إحتياط مارسوا المهنة لمدة لاتقل عن (ثلاث) سنوات وينتخبون بالإقتراع السري من قبل أعضاء الفرع.

٢ـ تنتخب اللجنة من بين أعضائها رئيساً للفرع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٥) چ تێبینی هەیە لەسەر مادده (٢٥)؟ ئەگەر نییە دەیخەینە دەنگدانەوە؟.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السادسة والعشرون:

تتكون مالية النقابة من :ـ

أولاً :ـ بدلات الانتماء والإشتراكات السنوية.

ثانياً :ـ رسوم منح إجازة فتح الصيدليات والمذاخر الاهلية.

ثالثاً :ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من جهات أخرى بعد موافقة الجهات الرسمية.

رابعاً :ـ (٢٪) من مبيعات الأدوية التي تباع للصيدليات الأهلية من قبل مديرية الإستيراد. والتوزيع العائدة لوزارة الصحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێش ئەوەی من بدوێم بەڕێزتان تێبینی ئەمەتان کرد. لەهیچ وڵاتێکدا نییە حکومەت دەرمان بداتە هاووڵاتی خۆی و یارمەتی بدات، بەڵام ڕێژەی (٢٪)ی نرخی دەرمانەکەبداتە سەندیکا،

سەندیکای دەرمانسازان کاتێک ئەم یاسایەیان پێشکەش کرد ئەوان بۆ خۆیان کەمتریان دانابوو (٢.و ٪) واتا دوو لە هەزار بەداخەوە لە لیژنەی یاسادا لە جیاتی دوو لە هەزارەکە بووەتە (٢٪).

ئەو دەرمانانەی وەزارەتی تەندروستی دەیانهێنێت بۆ یارمەتییەو بە زەرەر دەیفرۆشێت، لە پرۆژەکە نەیگووتووە لە (ربح) بەڵکو گوتوویەتی (من المبيعات)، بۆ نموونە ئەمساڵ یەک وجبە وەزارەتی دارایی و ئابووری (٢٥) ملیۆن دیناری دا بە وەزارەتی تەندروستی و دەرمان بەسەر دەرمانخانەکان دابەش کرا، تەنیا لەو برە پارەیە کە وەزارەت دارایی بە یارمەتی داویەتی بە وەزارەتی تەندروستی دەبێت (نیو) ملیۆن دینار وەزارەتی تەندروستی لەو فرۆشتنانە بداتە سەندیکا. ئەم کارە دەزگای هاوردەنی (مؤسسه الاستيراد) نەک تەنها بۆ هاووڵاتی بە کارێکی مرۆڤانە هەڵساوە هەتا بۆ دەرمانخانە ئەهلییەکانیش بەم کارە هەڵساوە دەرمانی بۆ دابین کردوون بە یارمەتی حکومەت.

پێشنیار دەکەم ئەم ماددەیە لە برگە (٤) لاببرێت لە جیاتی ئەوە زیاد بکرێت،(ريع الحفلات والنوادي) چونکە مافی سەندیکای تێدا هاتووە کە یانەکان بۆخۆی بکاتەوە، ئاهەنگ بگێرێت لە ماددەیەکی پێشوو هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل، کاک د.رزگار فەرموو.

هەمان تێبینیم هەیە من لەگەڵ ئەوە نیم ئەم ماددەیە بێنێت، چونکە جۆرە باجێکە لەسەر هاووڵاتی ئێمە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس د.رزگار.

پێشنیاری کاک جەمیل و پشتگیری د. رزگار. مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەوەی بەیانی دووبارەی دەکەمەوە، فەرمووت پێشینەمان هەیە لە سەندیکای رۆژنامەنووسان دەڵێت: ثانياً: يراعى تطبيق اصول المحاسبة العامة على مالية النقابة. لە سەندیکاکان ئێمە مالیەمان بە رەها داناوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر حەز دەکەیت ئەم بابەتە بۆ دوایی بێ، با ئەم ماددەیە تەواو بکەین.

لەم ماددەیەدا تەنها پێشنیارێک هەیە ئەو رێژەیەی (٢٪) هەڵبگیرێت، چونکە ئەوە ئەرکی هاووڵاتی ئێمە گران دەکات.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو (٢٪) هەڵەی چاپە سفرێک لاچووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە ئەو ڕێژەیە هەر لابدرێت چونکە ئەمە بارگرانییە لەسەر هاووڵاتی و لەسەر گەنجینە. ئەگەر چ تێبینییەک نییە ئەوا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو ڕێژەیە نەمێنێ؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

پێشنیارێک هەیە لە جیاتی (رابعا): بکرێتە (ربع الحفلات والنوادی) زیاد بکرێت وەکو داهات بۆ ئەم سەندیکایە. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا ئەو پێشنیارە ببێتە جێی (رابعا).

ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر مادده (٦). فەرموو کاک عەدنان.

**بەڕێز عەدنان محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێژەکە چەند بێ، هەروەها بەشێوەیەکی رەها (ربع حفلات) دەدرێت بە ئەوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم (ربعی حفلاتی) خۆیانە ئەم ئاهەنگانەی سەندیکا دەیکات.

وەکو مادده دەیخەینە دەنگدانەوە.

مادده (٢٦) کێ لەگەڵە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟ .. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة والعشرون:

يحق لورثة الصيدلي صاحب إجازة المحل إستغلال الإجازة لمدة (٥) خمسة سنوات من تأريخ وفاة مورثهم بعد تعيين مدير للمحل.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (٢٧) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. کاک د. رزگار. کاک جەمیل. کاک سەعید. کاک شەفیق.

کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی ئەمە شتێکی زیادەیە، خاوەن دەرمانخانەکە خۆی مۆڵەتی وەرگرتووە خۆی دەرمانسازە کە

مرد چۆن دەبێت بدرێت بە یەکێکی تر؟، یانی کە میراتگرێکی تر بێت ئیشەکە بکات دەرمانساز نییە ئیجازەی نییە بروانامەی نییە چۆن بدرێت بە ئەو؟، چۆن میراتگری ئەو بێت؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک شەفیق کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز سەعید محەمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینیم هەبوو. بە مەرجێک دەتوانی بەڕێوەبەرێک دابنێت کە دەرمانساز بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو. کەوا ئەوە لابرێت مەرج دابنرێت کە دەبێت دەرمانساز بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەکە هاتووە دەبێت بەڕێوەبەری دەرمانخانەکە دەرمانساز بێت، لێرەدا ئەو مەترسییەی کاک شەفیق هەڵدەگیرێ. کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

المادة السابعة والعشرون:

يجوز للصيدلي بعد إستحصال الإجازة من النقابة أن يقوم بالتحليلات الصيدلية والكيمياوية والمرضية الكيمياوية بدلاً من الصيدلية. بعد إكمال دورة مختبرية مجازة من قبل وزارة الصحة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بدلا من الصيدليه) یانی چی؟. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەکرێت دەرمانساز پسپۆری تاقیگەیی وەربگرێت، هەم دەرمانسازە هەم تاقییگەییە، خۆی دەرمانساز جگە لە پیشەی دەرمانسازی ناتوانێت بکات، بەڵام ئەگەر هاتوو پسپۆری لە تاقیگەیی وەرگرت دەتوانێ لە جیاتی دەرمانخانە کاری تاقیگە بکات بە مۆڵەتی سەندیکا،

سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(بدلاً من الصيدلية) هاتووە. دەبێت بگوترێت (بدلاً من الصيدلة) ئەو (ياء)ە زيادە. ماددەکە روونە (بعد اكمال دورة مختبرية مجازة من قبل وزارة الصحة).

سوپاس کاک ئیبراهیم بۆ ئەو روونکردنەوەیە. واتا دەرمانساز پێش وەخت مافی نییە کاری تاقیگە بکات بەبێ رەزامەندی سەندیکا، سەندیکا رازی دەبێت دوای ئەو کە خولێک دەبینێت لە وەزارەتی تەندروستی و سەندیکا مۆڵەتی پێ دەدات، ئەمە مەفهوومی ماددەکەیە.

کاک شەفیق فەرموو.

**بەڕێز شەفیق ئەمین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو کە لە کۆلێژ تەواو دەکات ئەو تەحلیلاتانە دەخوێنێت بۆ نموونە(صيدلية، كمياوية، مختبرية، بايلوجي) ئەمانە هەمووی دەخوێنێت بۆ نموونە دکتۆرێک شتێکی بۆ دەنووسێت ماددەکە کیماویە ئەوا دەرمانسازەکە ماددە کیمیاوییەکە دەگرێتەوە بۆی، دەیزانێ چونکە لە ئیشی خۆیەتی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئیبراهیم روونی کردە کە دەرمانساز دەتوانێ ئەم کارە بکات دوای ئەوەی مۆڵەت وەردەگرێ پێش ئەوە ناتوانێ بیکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زين العابدين:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من ئەو پرسیارەم هەیە یەک کەس دەتوانی هەر دوو کار بکات واتا دەرمانسازی و تاقیگەیی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاکە شێخ وەڵامی دایەوە دەڵێت بەڵێ. من خۆم دەرمانم وەرگرتووە لە دەرمانخانە لە وڵاتانی ئەوروپا گوتوویانە کاتژمێرێکی تر وەرەوە چونکە ئەمە دەبێت تەرکیبی بکەین، ئینجا ئەگەر بە مۆڵەت و دەورە بێت بابەتەکە تەواو بووە.

کاک سیروان فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

حەز دەکەم ڕوونکردنەوەیە بدەم دەربارەی (تحليلاتی کيميائی) کە جياوازە لەگەڵ (تحليلاتی مرضی)، تەحليلاتی کيميائی بريتيە لە تەحليلی مرکباتی ئەو مادده کيمياويە واتا لە چی پێک هاتووە (تحليل المرضی) شی کردنەوەی تاقيگەيە پەيوەندە بە مەسەلەی بەکتريۆلۆجی و بايلۆجيەوە بە ڕای من دوو شتی جياوازە يانی ئەوە تەحليلاتی نەخۆشييە، ئەوی تر تەحليلی پێکهاتەکی ماددەيەکی کيمياوييە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بۆ نموونە من وەکو دەرمانسازێک حەز ناکەم ببمە دوکاندارو تەنيا دەرمانخانەم هەبێت بۆ خۆم تاقيگەيەک دەکەمەوە.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

لێرە ئەوە دەبێت بە صيدليەکی کيمياوی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

بەڵام لێرە مەرجی داناوە دەبێت خولێکی کردبێ لە وەزارەتی تەندروستی و، دەبێت سەنديکا مۆڵەتی پێ بدات، ئينجا ئەتوانێت واز لە دەرمانسازی بێنێت بێت بە تاقيگەيی.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

صيدلی کيميايی جياوازە لەگەڵ تحليلاتی مرضی، ئەوەی دەرمانسازی کيميايی بێت دەچێت بۆ خۆی تاقيگەی تەحليلاتی کيمياوی دادەنێت بۆ تەرکيبی مادەکان، بەڵام تەحليلاتی نەخۆشی جياوازە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

منيش وا دەڵێم لە ماددەکەدا هاتووە (بالتحليلات الصيدلية والکيمياوية والمرضية الکيمياوية).

**بەڕێز سەرتیب محەمەد حسین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

هی نەخۆشی پەيوەندی بە بايلۆجييەوە هەيە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن:**

لە ئەسڵدا چۆن هاتووە.

کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجوومەن.**

ئەگەر ماددەکە بخوێننەوە تحليلاتی صيدلی و کيميايی بەستراوە بە تحليلاتی مرضی، مانای

ئەوەیە ئەو دەبێت دەرمانخانەکە واز لێبهێنێت و بیکاتە تاقیگە، تاقیگەکەش هەمووی بکات، تحلیلاتی کیمیایی وتحلیلاتی صیدلی و تحلیلاتی مرضی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئێستا ئەوانەی کە تحلیلات دەکەن لە ئەسڵدا دەرچووی بەشی کیمیان، یان بایلۆجین؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەرچووی بەشی بایلۆجین لە کۆلیژی زانست.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام دەرمانسازێک دەتوانێت ببێت بە محلل؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ خولێکی تاقیگەیی دەکات و دەتوانێ ببێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە مادام خولێک لە وەزارەتی تەندروستی ببینێت و وەزارەتی تەندروستی رازی بێت و سەندیکا رازی بێت، باشە بۆ لێرە ڕێی لێ بگیرێت؟.

دەیخەینە دەنگدانەوە ئەگەر چ پێشنیارێکی تر نییە؟.

لێرە تەنها (بدلا من الصیدلیە) دەکرێت بە (بدلا من الصیدله). ئەمە هەڵەیەکی ئیملائیەو (یائەکە) نامێنێت.

مادده (٢٨) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

المادة التاسعة والعشرون:

یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال في الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة واستلام المسؤولیة فقط قبل التحاقهم بالتدرج الطبي وبعد الحصول علی موافقة النقابة والدائرة التي ینتمي الیها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە جیاتی وشەی (فی) دەبێت (بعد) بێت، لێرە دەڵێت: (یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال في الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة واستلام المسؤولیة...) بەم شێوەیە رستەکە نایەت، بەڵام ئەگەر بڵێت: (یحق للصیادلة المتدربین الاشتغال بعد الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة

واستلام المسؤولية...) ئەوە راستترە.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

لە یاسا (جمع ) ناکرێت دەبێت بگوترێت (یحق للصیدلي المتدرب) نەک (للصیادلة المتدربین)، کەواتە بەم شێوەیە دەبێت (یحق للصیدلي المتدرب الاشتغال بعد الدوام الرسمي في الصیدلیات الاهلیة واستلام الادویة... الخ).

ئەگەر چ تێبینییەک نییە لەسەر ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە؟. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

دێینە سەر مادده (٣٠) پێش ئەوەی بێینە سەر ئەم ماددەیە، ئەمە ئیشی ئەنجوومەنی خوێندنی باڵای ئێمەیە، ئێمە ئێستا ئەوە بکەین بە یاساو نەزانین رای ئەنجوومەنی خوێندنی باڵا چییە تووشی ئیشتباە دەبین، لەبەرئەوە پێشنیار هەیە ئەم ماددەیە نەخوێندرێتەوەو هەڵبگیرێت.

پێشنیار هەیە مادده (٣٠) ئیلغا بکەین (منح الصیادلة لقب دکتور صیدلاني). ئەم پێشنیارە هەیە کە ئەم ماددەیە هەڵبگیرێت و نەبێت، فیکرەکەش ئەوەیە ئەگەر خوێندنی باڵای ئێمە بریاری دا بکرێن بە (دکتۆر) یاساکە هەموار دەکرێت. کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە کە ئەو ماددەیە هەڵبگرین؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

**بەڕێز حــــوســـــێن عـــــەلی کــــــەمــــــاڵ:**

المادة الثلاثون( لایعمل بأي نص یتعارض واحکام هذا القانون).

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟. نییە؟. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــوســـــێن عـــــەلی کــــــەمــــــاڵ:**

المادة واحد والثلاثین:

علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

مادده (٣١) چ تێبینیەکی لەسەر هەیە؟.. نییە. دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حــــوســـــێن عـــــەلی کــــــەمــــــاڵ:**

المادة الثانیة والثلاثون:

ینفذ هذا القانون إعتباراً من تاریخ صدوره وینشر في الجریدة الرسمیة.

**بەڕێـز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومــــــەن:**

مادده (٣٢) چ تێبینییەکی لەسەر هەیە؟. کاک سعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی دەڵێت (إعتبارا من تاريخ صدوره) ئێمە حەق وایە ئەو ڕۆژنامە ڕەسمییەی کە دەری دەهێنین پێوستە هەموو مافەکانی خۆی وەربگرێت، ئەگەر یاسایەک زۆر پێویست و بە پەلە بێت ئینجا ئێمە ئەو مافەی بدەینێ (من تاريخ صدوره) حساب بکرێت، ئێمە هەر یاسای سەندیکایەک دەربکەین بڵێین من تاريخ صدورە باشە ئێمە ڕۆژنامەی وقائعمان بۆچییە؟ پێویستە هەر (إعتباراً من تاريخ نشره) بێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە (ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية)، بەو پێیەی هەندێ یاسا پێویستی بە پەلە کردن ناکات.

ئێستا ئەو پێشنیارە دەخەینە دەنگدانەوە (ينفذ هذا القانون إعتباراً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية) کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە. کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا.. سوپاستان دەکەین.

ئێستا دێینە سەر هۆکارە پێویستەکان.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

الاسباب الموجبة

حيث كان من جملة اهداف الحركة التحررية الكوردية التي قادها الزعيم الخالد مصطفى البارزاني حصول الشعب الكوردي على كافة حقوقه وبكافة شرائحه ونظراً لأهمية دور النقابات ومنها نقابة الصيادلة ودورها في تقديم افضل الخدمات الطبية للمواطنين وضرورة النهوض بالمستوى المهني في الاقليم ولمسايرة التطورات الحضارية في اطار النظام الفيدرالي الذي قرره المجلس الوطني لكوردستان العراق فقد وجب تشريع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەک ماددەمان دەمێنێت لەگەڵ دوو دواخستن. ئەیخەینە بەرنامەی کاری سبەینێمانەوە.
سبە سەعات (١٠) کۆدەبینەوە سوپاستان دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەن**

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل

ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

ژمارەی بڕیار: ٢٠

مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٤

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١/٢ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٨)ی ساڵی ١٩٩٩

یاسای سەندیکای دەرمانسازەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم:

مەبەست لەم گوزارشتانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانن بۆ مەبەستی ئەم یاسایە.

١- هەرێم: کوردستانی عێراق.

٢- وەزیر: وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەت.

٣- سەندیکا: سەندیکای دەرمانسازان.

٤- ئەنجوومەن: ئەنجوومەنی سەندیکا.

٥- نەقیب: نەقیبی دەرمانسازان.

٦- دەرمانساز: هەر ئەندامێک لە سەندیکادا کە بڕوانامەی لە کۆلیژی دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ و لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ، یان لە زانکۆیەک کە لەلایەن ئەنجوومەنی فێرکردنی باڵاوە لە کوردستانی عێراق دانی پیانرابێ.

٧- دەست دانە پیشە: دەست دانە پیشەی دەرمانسازی بەپێی حوکمەکانی یاسای دەست دانە پیشە.

بەشی یەکەم:

(دامەزراندن و ئامانجەکان)

(دامەزراندن)

ماددەی دووەم:

١- بەپێی ئەم یاسایە سەندیکایەک دادەمەزرێندرێ بەناوی سەندیکای دەرمانسازی لە هەرێمداو کەسایەتییەکی مەعنەوی و سەربەخۆی دارایی و بەڕێوەبەردنی دەبێ، بارەگاکەشی لە پایتەختی هەرێم دەبێ و بۆی هەیە لق لەناوەندی پارێزگاکانی هەرێمدا بکاتەوە.

٢ـ سەندیکا لەسەر داواکارییەک پێک دەهێنرێ، کە ئەوانەی پێشکەشی دەکەن بەلایەنی پسپۆڕ، لە (١٥) کەس کەمتر نەبن و، لە حەوت سالیش کەمتر نەبێ دەستیان داییتە ئەم پیشەیەو، بە دەستەی ئامادەکار دادەنرێن بۆ بەڕێوەبردنی کارەکانی سەندیکا تاکو هەڵبژاردن ئەنجام دەدرێ.

ماددەی سێیەم:

ئامانجی سەندیکا هێنانەدی ئەمانەی خوارەوەیە:

١ـ بەشداری کردن لە پشتگیری کردنی حکومەتی هەرێم و سیستەمی دیموکراسی و پشتگیری کردنی فیدرالیزم و چەسپاندن و پەرەپێدانی.

٢ـ هەوڵ دان بۆ بەرزکردنەوەی ڕادەی زانستی و پیشەیی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی ئەندامان.

٣ـ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی ئەندامان لەگەڵ یەکتریداو لەگەڵ لایەنە حکومەتی و ئەهلیەکان لە هەرێمداو داکۆکی کردنی لە مافەکانیان.

٤ـ هاریکاری کردن لەگەڵ دەستەو دامەزراو و کۆمەڵەو سەندیکاکانی تر لەناو هەرێمدا کە ئامانجەکانیان لەگەڵ ئامانجەکانی سەندیکا یەک دەگرنەوە.

٥ـ زامن کردنی دوا ڕۆژی ئەندامان لە کاتی نەخۆشی و پیری و پەک کەوتەیی دا.

٦ـ ڕێکخستنی بنەمای دەست دانە پیشەو چاودێری پیادەکردنی.

چوونە ناو سەندیکاو ئەندامێتی

ماددەی چوارەم:

ئەندام دەبێ ئەم مەرجانەی لێ بێنە دی:

یەکەم: هاووڵاتیی هەرێم بێ و تیایدا نیشتەجێ بێ.

دووەم: بە تاوانێکی نا سیاسی یا کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.

سێیەم: بڕوانامەی لە دەرمانسای یا هاوتای دەرمانسازی بەدەست هێنا بێ کە لە بەکالۆریۆس کەمتر نەبێ.

ماددەی پێنجەم:

یەکەم: چوونە ناو سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێ کە پێشکەش بە نەقیب دەکرێ و بەڵگەنامە پێویستەکانی پێوە دەلکێنرێت.

دووەم: داواکاری چوونە ناو سەندیکا دەخرێتە بەر دەمی ئەنجوومەن لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی تۆمارکردنیەوە لە سەندیکادا و ئەنجوومەن لەسەرییەتی لەو ماوەیەدا بیبڕێنێتەوە ئەگەر ئەو ماوەیەش تێپەڕی و نەبڕاندرایەوە بە قبوڵ کراو حسێب دەکرێ.

سێیەم: ئەنجوومەن بۆی هەیە داواکاری چوونە ناو سەندیکا بە بڕیارێکی هۆدار ڕەفز بکات، وە خاوەن داواکاریش بۆی هەیە لەلای دادگای

پێـــداچوونەوەی هەرێمـــدا لـە مـــاوەی (٣٠) ڕۆژ لـە مـــێـــژووی ئاگاداربوونیـەوە تانەی لێ بدا، بڕیاری دادگاش بنبڕە.

مـاددەی شـەشـەم:

یەکـەم: ڕەســمی چوونە ناو ســەندیکا (٢٠٠) دوو ســەد دینارەو ڕەســمی بەشـداربوونی سـالآنە (١٠٠) سـەد دینارە.

دووەم: ڕەسـمی مۆڵەت دانی دەرمانخانە (بەرپرسـیاریەتی + ئیمـتیـاز) (٢٥٠) دوو سـەد و پەنجا دینارە نیوی دەوام سـالآنە.

سێیەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کردنەوەی دەرمانخانە (بەرپرسـیاریەتی + ئیـمـتیـاز) بۆ خـانەنشـیـان (٥٠٠) پێنج سـەد دینار دوامی تەواو سالآنە.

چوارەم: ڕەسمی مۆڵەت دانی کۆگای دەرمانی ئەهلی (بەرپرسـیاریەتی + ئیمتیاز) (١٠٠٠) هەزار دینار.

مـاددەی حەوتەم:

یەکەم: غـەیری ئەندامانی سـەندیکا ئەوانەی هەمـوو پابەندییـەکی خۆیان بە گوێرەی ئەم یاسـایە جێبـەجێ کـردووە نابێ دەسـت دەنە پیـشـەی دەرمانسازی.

دووەم: لەسـەر فەرمانگە ڕەسـمییەکان و نیمـچە ڕەسمییەکان پێویستە وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندنی دەرمانساز بۆ سـەندیکا بنێرن.

مـاددەی هەشـتەم:

١ـ نابێ دەرمـــانســـاز لەهەرێمــدا لەیەک مـــۆڵەتی دەرمـــانخـــانەی زیاتر هەبێت.

٢ـ پێویسـتە هەر دەرمانخانەیەک بەڕێوەبەرێکی هەبێت.

٣ـ خـــاوەن مـــۆڵەت بەڕێوەبەری دەرمـــانخـــانەکـــەی دەبێ و نابێ دەرمانخانەیەکی تر بەڕێوە ببا.

٤ـ نابێ دەرمانسازی مۆڵەت پێ دراو مۆڵەتی دەرمانخانەیەکی تری هەبێ.

٥ـ دەرمـانسـازی دامـەزراو لەسـەر مـیلاکی زانکۆ دوای تێـپەڕبوونی سێ سـاڵ بەسـەر خزمەت کردنی لە زانکۆدا دەکرێ دەرمانخانە بکاتەوە، وە مـافی هەیە لەو مـاوەیەدا کـار لە عـیـادە مـیللیـەکـان یان لە قـەزاو ناحیەکان بکا.

مـاددەی نۆیەم:

ئەندامـانی سـەندیکا بۆیان هەیە دەرمـانخانەی ئەهلی یان کۆگای دەرمـان دوای دەوامی ڕەسـمی بکەنەوە ئەگـەر پلە بە پلەی (تدرج)ی پزیشـکیـان تەواو کـردبێت، وە پشـتگیـری کـرابێت لەلایەن وەزارەتی تەندروسـتی و کاروباری کۆمەلایەتی یان ئەو فەرمـانگە تەندروسـتییەی کە دەرمـانسـاز لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکاندا کاری تیادا دەکات.

مادده‌ی ده‌یه‌م:
ده‌رمانساز بۆی نییه پیشه‌كه‌ی خۆی له‌گه‌ڵ پیشه‌ی نوژداری و نوژداری ددان و نوژداری ئاژه‌ڵی به‌یه‌كه‌وه كۆ بكاته‌وه، ئه‌وه‌ی ده‌رمانساز پێی هه‌ڵده‌ستێت له‌ فریاكه‌وتنی سه‌ره‌تایی له‌ كاتی ڕووداوی له‌ ناكاو و به‌ په‌له‌، به‌ كارێكی نا شه‌رعی پیشه‌ی نوژداری ناژمێردرێت.

مادده‌ی یانزده‌یه‌م:
مه‌رجه‌كانی كردنه‌وه‌ی ده‌رمانخانه‌:
مۆڵه‌ت دانی كردنه‌وه‌ی ده‌رمانخانه‌ ده‌درێته‌ ئه‌وانه‌ی ئه‌م مه‌رجانه‌ی خواره‌وه‌یان تێدایه‌:
١ـ ناونیشانی ده‌رمانخانه‌.
٢ـ ناوی بازرگانی پشتگیری كراو له‌ ژووری بازرگانییه‌وه‌.

## به‌شی سێیه‌م
## (پێكهاته‌كان)

مادده‌ی دوانزده‌م:
سه‌ندیكا پێك دێ له‌:
یه‌كه‌م: ده‌سته‌ی گشتی.
دووه‌م: ئه‌نجوومه‌نی سه‌ندیكا.
سێیه‌م: لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی (الانضباط).
چواره‌م: لقه‌كانی سه‌ندیكا له‌ پارێزگاكان.

مادده‌ی سێزده‌یه‌م:
ده‌سته‌ی گشتی له‌ تێكڕای ئه‌ندامانی سه‌ندیكا پێك دێ، ئه‌وانه‌ی هه‌موو پابه‌ندێكی خۆیان به‌ گوێره‌ی ئه‌م یاسایه‌ جێبه‌جێ كردووه‌و به‌بالاترین ده‌سه‌ڵاتی سه‌ندیكا ده‌ژمێردرێ، هه‌ر به‌ سێ ساڵ جارێك به‌ بڕیاری ئه‌نجوومه‌ن و بانگهێشتی نه‌قیب له‌ ناوه‌ندی سه‌ندیكا كۆده‌بێته‌وه‌، ب هه‌ڵبژاردنی نه‌قیب و شه‌ش ئه‌ندام و دوو ئه‌ندامی یه‌ده‌گ وئه‌ندامانی لیژنه‌ی به‌رزه‌فتی ئه‌وانه‌ی زۆرترین ده‌نگیان به‌ده‌ست هێناوه‌، وه‌ نیساب به‌ ئاماده‌بوونی دوو له‌سه‌ر سێی ئه‌ندامانی ده‌سته‌ی گشتی ته‌واو ده‌بێ وه‌ له‌ كاتی ته‌واونه‌بوونی نیساب دوای پانزه‌ ڕۆژ له‌ كۆبوونه‌وه‌ی یه‌كه‌م له‌ هه‌مان كات و شوێندا هه‌ڵبژاردن ده‌كرێ، وه‌ به‌ ئاماده‌بوونی سێ یه‌كی ئه‌ندامان نیساب به‌ته‌واو داده‌نرێ.وه‌ به‌پێچه‌وانه‌وه‌ش ئه‌نجوومه‌نی پێشوو بۆ خولێكی تریش به‌ به‌رده‌وام له‌ كاره‌كی خۆی داده‌نرێ.

مادده‌ی چوارده‌یه‌م:
هه‌ر سێ ساڵ جارێك ده‌سته‌ی گشتی كۆبوونه‌وه‌یه‌ك ده‌كا بۆ ئه‌م مه‌به‌ستانه‌ی خواره‌وه‌:

یەکەم: گفتوگۆو ڕاستاندنی بودجەو حسابکاری دوماهی.
دووەم: چاوپیاخشاندن بەو پێشنیارانەی کە لە بارەی هەمواركردنی یاسای سەندیکاوە پێشکەش کراون.
سێیەم: ئیقرار کردنی پێڕەوی ناوخۆ و هەمواركردنی.

ماددەی پانزدەیەم:

یەکەم: دەکرێ دەستەی گشتی بانگ بکرێ بۆ کۆبوونەوە نائاساییەکان لەم بوارانەی خوارەوەدا:
١ـ بە بڕیارێکی هۆدار لە زۆربەی ئەندامانی ئەنجوومەنەوە.
٢ـ بە داواکارییەکی نووسراوی هۆدار سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی پێشکەش بە ئەنجوومەنی دەکەن، دەبێ ئەویش بانگهێشت دەربهێنێ و کاتی کۆبوونەوە لەماوەی (١٥) ڕۆژ لە مێژووی گەیشتنی داواکارییەکەوە دیاری بکا.
دووەم: نابێ لە کۆبوونەوە نائاساییەکاندا باسی هیچ شتێک بکرێ تەنیا ئەو کارانە نەبن کە لە بەرنامەی کاردا داندراون.

ماددەی شانزدەیەم:

یەکەم: ئەندام نابێ بەشداری کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بکا ئەگەر لەڕووی بەرزەفتییەوە دەستدانە پیشەی لێ قەدەغەکرابێ.
دووەم: بڕیارەکان لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی بە زۆرینەی دەنگ دەردەچن و لە کاتی یەکسانیشدا بەو لایە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

ماددەی حەڤدەیەم:

ئەنجوومەنی سەندیکا پێک دێ لە:
یەکەم: نەقیب، دەبێ مومارەسەی لە پیشەکەی دا هەبێت کە لە دە ساڵ کەمتر نەبێ.
دووەم: شەش ئەندام، بە بریکاری نەقیبەوەش ئەوانەی کە لە مومارەسەکردنی پیشەکەدا لە حەوت ساڵ کەمتریان بەسەر نەبردووە.
سێیەم: ئەنجوومەن لە نێوان ئەندامەکانیدا بەنهێنی بریکاری نەقیب و سکرتێر و خەزنەدارێک لە یەکەم کۆبوونەوەیدا هەڵدەبژێرێ.
چوارەم: ئەنجوومەن بەلانی کەمەوە هەر مانگێ جارێک کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی دەبەستێ، بۆیشی هەیە دانیشتنی نائاسایی بە بانگهێشتی نەقیب یان بە داواکاری سێ یەکی ئەندامانی ببەستێت.

ماددەی هەژدەیەم:

یەکەم: نیساب بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان پێک دێ، بڕیارەکان بە

زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەچێ، لە کاتی یەکسان بوونی دا بەو لایەنە دادەلەنگێ کە نەقیبی تێدایە.

دووەم: ئەگەر بەهەر هۆیەکەوە بێ شوێنی نەقیب چۆل بوو بریکارەکەی شوێنی دەگرێتەوە، لە کاتی چۆل بوونی پلەی بریکار سکرتێر شوێنی دەگرێتەوە.

سێیەم: بە دەنگدانی نهێنی یەکێ لە ئەندامە ئەسلییەکان شوێنی نەقیب دەگرێتەوە لەکاتی چۆل بوونی پلەو پایەکانی نەقیب و بریکارەکەی و سکرتێردا.

چوارەم: بە مەبەستی هەلبژاردنی نەقیب ئەنجوومەن دەبێ بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی بانگهێشتی دەستەی گشتی بکا لە ماوەیەک کە لە دوو مانگ تێپەڕ نەکا، بە مەرجێک ئەو ماوەیەی کە ماوە لە شەش مانگ کەمتر نەبێت.

ماددەی نۆزدەیەم:

ئەندامی ئەنجوومەن بە دەست لەکارکێشراوە دەژمێردرێ ئەگەر لەماوەی (سالێکدا) بەبێ عوزری ڕەوا لە سێ دانیشتنی یەک لە دوای یەک یاخود لە پێنج دانیشتنی پەڕاگەندەدا ئامادە نەبوو.

ماددەی بیست:

أ ـ ئەنجوومەن مومارەسەی ئەم تایبەتمەندییانە دەکا:

١ـ کارکردنی لە پێناو هێنانەدی ئامانجەکانی سەندیکا.

٢ـ پێشکەش کردنی پێشنیار لە بارەی هەموارکردنی یاسای هەموارکردنی سەندیکا.

٣ـ جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤ـ دامەزراندنی کارمەندان لە سەندیکاو دیاری کردنی کرێیەکانیان و بەرزکردنەوەیان (ترقیتهم).

٥ـ چاوپیاخشاندن بە داواکارییەکانی چوونە ناو سەندیکا.

٦ـ دەستنیشان کردنی نوێنەری سەندیکا لە لیژنە ڕەسمییەکان و نا ڕەسمییەکاندا لە کاتێکدا کە نەقیب نوێنەرایەتی ناکا.

٧ـ هەواڵەکردنی ئەو کێشە و شکاتانەی کە بۆی دێن، بۆ لیژنەی بەرزەفتی.

٨ـ پێک هێنانی لیژنەی لاوەکی بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی ئەم یاسایە.

٩ـ ئامادەکردنی بودجەو دامەزراندنی ژمێریارێکی یاسایی بۆ ووردکاری حسابکاری دوماهی.

١٠ـ بڕیاردانی خۆ بە خودان کردنی ماڵ وعەقارو قبوڵ کردنی لەقەبەرکردن و پێ بەخشین و مەرجەکانی قەرزکردن و پێشکەش کردنی دەستگرۆیی دارایی لە نێوان ئامانجەکانی سەندیکادا.

١١ـ خۆئامادەکردن بۆ هەلبژاردن.

١٢ـ تەماشاكردنی دەست لەكاركێشانەوەی نەقیب یا بریكارەكەی یان هەر ئەندامێكی ئەنجوومەن یان لیژنەكانی سەندیكا بە مەرجێك لەیەكەم كۆبوونەوەدا بخرێتە بەردەم دەستەی گشتییەوە.
١٣ـ مۆڵەت بەخشین بە دەست دانە پیشە.
١٤ـ دامەزراندن و بەڕێوەبردنی یانەی سەندیكا بە گوێرەی یاسای كۆمەڵەكان.
ب ـ ئەنجوومەن بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدا بە نەقیب یان سەرۆكی لقەكان.

مادەی بیست و یەكەم:

نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوە ئەنجام دەدا:
یەكەم: سەرۆكایەتی كردنی كۆبوونەوەكانی دەستەی گشتی ئەنجوومەن.
دووەم: نوێنەرایەتی كردنی سەندیكا لەلای دەزگاكانی دادوەری و كارگێڕی و دەستە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و ئەهلیەكان و كۆنگرەكان، وە ڕاستاندنی معامەلەو ئەو بەڵگەنامانەی كە تایبەتن بە سەندیكاوە، بۆی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەكانی بدا بە هەر یەكێ لە ئەندامانی ئەنجوومەن كە بیەوێ.

مادەی بیست و دووەم:

یەكەم: لیژنەی بەرزەفتی لە سەرۆك و دوو ئەندام و ئەندامێكی یەدەگ پێك دێ.
دووەم: لیژنە تایبەتمەندە بە تەماشاكردنی هەموو ئەو سەرپێچیانەی كە لەم یاسایەدا دەقی گرتووە، وە تۆژینەوە لەو كێشەو شكاتانە دەكا كە ئەنجوومەن بۆی هەواڵە دەكا، وە دەسەڵاتی ئاراستەكردنی ئەم سزایانەی خوارەوەی هەیە:
أ ـ وریا كردنەوە (إلفات نظر).
ب ـ ئینزار.
جـ ـ داخستنی دەرمانخانە یان كۆگای دەرمان بۆ ماوەیەك كە لە سێ ڕۆژ كەمتر نەبێ و لە هەفتەیەكیش زیاتر نەبێ، لەكاتی دووبارەبوونەوەش دا دەرمانخانە یان كۆگا بۆ ماوەی (١٥)ڕۆژ دادەخرێ وە پشكە دەرمانەكەشی بۆ ماوەی مانگێك پێ نادرێت.
د ـ لیژنەی بەرزەفتی ئەو بنەمایانە پێڕەو دەكا كە لە یاسای بەرزەفتی كارمەندانی دەوڵەتدا هاتووە.

مادەی بیست وسێیەم:

بڕیارەكانی لیژنەی بەرزەفتی لەلای دادگای تەمیزی هەرێمدا لە نێوان ماوەی پانزدە ڕۆژ لەمێژووی ئاگاداركردنەوە بە بڕیارەكە تانە هەڵدەگرن، بڕیارەكەشی بن برە.

ماددەی بیست و چوارەم:

دەبێ ئەندام لەم کارانەی خوارەوە دوور بکرێتەوە:

یەکەم: پشت گوێ خستن و کۆسپ هێنانە بەر پیادەکردنی ئەو یاساو پێڕەوانەی پەیوەندیدارن بە سەندیکاو، وە ئەو ڕێنماییانەی کە دەریان دەهێنێ.

دووەم: دەست دانە پیشە بەبێ نوێ کردنەوەی بەشداری ساڵانەو مۆڵەت.

سێیەم: چاودێری نەکردنی ڕەوشتی پیشەیی و ناوبانگ زڕاندنی پیشەکەو کەرامەتی ئەو پیشەیە بە گوێرەی ئەو بنەمایانەی کە لە پەیڕەوی ناوخۆدا دەقیان گرتووە.

چوارەم: هەڵگرتنی سیفەتی بەدرۆی لەقەبی پیشەیی یان سیفەتی پیشەیی یان ناڕاست، بەپێی یاساو پێڕەوە بەرقەرارەکان.

پێنجەم: سنووربەزاندنی دەست دانە پیشە بە گوێرەی ئەوەی لە پەیڕەوی ناوخۆ و ڕێنماییەکان دەقی گرتووە کە سەندیکا دەریان دەچوێنێ.

ماددەی بیست و پێنجەم:

١ـ کارەکانی لق لەلایەن لیژنەیەکەوە بەڕێوە دەچێ کە پێک هاتووە لە سێ ئەندام و ئەندامێکی یەدەگ، بۆ ماوەیەک مومارەسەی پیشەکەیان کردبێت کە لە سێ ساڵ کەمتر نەبێ وە بە دەنگدانی نهێنیش لەلایەن ئەندامانی لقەوە هەڵدەبژێردرێن.

٢ـ لیژنە لە نێوان ئەندامەکانی دا سەرۆکێک بۆ لق هەڵدەبژێرێ.

بەشی چوارەم

دارایی سەندیکا

ماددەی بیست و شەشەم:

دارایی سەندیکا لەمانە پێک دێت:

یەکەم ـ ڕەسمی چوونە ناو سەندیکاو بەشداری ساڵانە.

دووەم ـ ڕەسمەکانی مۆڵەت پێدانی کردنەوەی دەرمانخانەو کۆگاکانی دەرمانی ئەهلی.

سێیەم ـ ئەو پێبەخشینانەی کە لەلایەنە ڕەسمی و نیمچە ڕەسمیەکان پێشکەش دەکرێن لەگەڵ و ئەو تەبەروع و پێدانانەی کە بە ڕەزامەندی لایەنە ڕەسمییەکان لەلایەنەکانی ترەوە پێشکەش دەکرێن.

چوارەم ـ قازانجی ئاهەنگەکان و یانەکان.

ماددەی بیست و حەوتەم:

میراتگرانی دەرمانساز خاوەنی مۆڵەتی دەرمانخانەکە بۆیان هەیە

لەمێژووی مردنی دەرمانسازەوە بۆ ماوەی پێنج ساڵ سوود لە مۆڵەتەکە وەربگرن دوای دامەزراندنی بەڕێوەبەرێک بۆ دەرمانخانەکە.

مادەی بیست و هەشتەم:

دەرمانساز بۆی هەیە دوای وەرگرتنی مۆڵەت لە سەندیکا، شیکردنەوەی دەرمانسازی و کیمیاوی و (نەخۆشی - کیمیاوی) لە١باتی دەرمانسازی بکا، دوای تەواوکردنی خولێکی تاقیگەیی کە لەلایەن وەزارەتی تەندروستییەوە مۆڵەتی پێ درا بێت.

مادەی بیست و نۆیەم:

دەرمانسازی مەشق کردوو بۆی هەیە لە دوای دەوامی ڕەسمی لە دەرمانخانە ئەهلیەکان ئیش بکا، وە بەرپرسیێتی وەربگرێ تەنها پێش ئەوەی بە (تدرج) بوونی پزیشکی بگا دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەندیکا و ئەو فەرمانگەیەی کە لەوێدا کار دەکا.

مادەی سی:

کار بە هیچ دەقێک ناکرێ کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا هاودژ بێ.

مادەی سی و یەک:

دەبێ وەزارەتە تایبەتمەندەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

مادەی سی دوو:

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێبەجێ دەکرێ.

**جوهر نامق سالم**
**سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

## هۆیە پێویستەکان

لە ئاماجەکانی بزاڤی ئازادیخوازی کوردی کە ڕابەری نەمر «مستەفا بارزانی» سەرکردایەتی کرد، گەیشتنی گەلی کورد بوو بە هەموو مافەکانی بە تێکڕای توێژەکانییەوە، لەبەر گرنگی ڕۆڵی سەندیکاکان و بەتایبەتی سەندیکای دەرمانسازان و ڕۆڵیان لە پێشکەش کردنی باشترین خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ هاووڵاتیان و پێویستی گەیاندنیان بە ئاستی پیشەیی لە هەرێمدا وە گەیشتنیان بە پێشکەوتنی شارستانی لە چوارچێوەی سیستەمی فیدرالیدا کە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق بڕیاری لەسەر داوە لەسایەی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سیستەمە دیموکراسی و هەمەلایەنەکەمان لە پێناو چەسپاندن و پەرەپێدانی کیانی کوردستانیمان لەسەر ئەو بناغانەی کە ناومان بردن، پێویستی کرد کە ئەم یاسایە دەربهێندرێ.